# سپیکەری بلوتوسی Creative Woof 3
## دیزانێکی سەرنج ڕاکێش و دەنگێکی بەرز

کۆمپانیای کریتۆ لە کۆتایی ساڵی ڕابردوودا سپیکەرێکی بلوتوسی بەناوی Creative Woof ٣ خستەڕوو.. بڵندگۆ وایەرلەیسەکە جگە لەوەی دەنگێکی باشی هەیە، دیزاینەکەشی سەرنج ڕاکێشە و تایبەتە بە مۆبایل و تەبلێت. هەروەك لە وێنەکەدا دیارە شێوەی بڵندگۆکە وەك زەنگوڵەیەکی بچووك دەچێت و دەنگەکە لە سەرەوە دێتە دەرێ.. تایبەتمەندییەکی گرنگی بڵندگۆکە ئەوەیە کە مایکێکی تێدایە و بەهۆیەوە دەتوانی پێوەندییەکانت وەڵام بدەیەوە. هەموو ئامێرێکی دیکەش بەهۆی وایەرەوە لەم بڵندگۆیە پێوەند دەدرێت.






## ڕۆبۆت دەبێتە

لەمێژە ئەم پرسیارە هاتۆتە گۆڕێ کە ئایا ڕۆبۆت شوێنی مرۆڤ دەگرێتەوە، ڕۆبۆتەکان دەتوانن ببن بە هاوڕێ و دۆستی مرۆڤ یان دوژمن و نەیاری.. وەك فیلمە خەیاڵییەکان ئایا ڕۆبۆتەکان ڕۆژێك نایەت مەترسی بۆ سەر مرۆڤ دروست بکەن! هەر ڕۆژە ڕۆبۆتێکی نوێ بەرهەم دێت، ڕۆبۆت ڕاستە ئاسانکاری زۆر بە مرۆڤ دەکات بەڵام لە زۆر شوێنیشدا بە هەزاران کەسی نانبڕاو کردوون!! ڕۆبۆتی

## یاری ئەلکترۆنی لەسەر مۆنیتۆرە زەبەلاحەکان

کۆمپانیای ئەیسەر لە کۆتایی ساڵی ڕابردوودا شاشەیەکی تایبەت بە گەیمی خستە بازاڕەوە کە قەوارەکەی ٣٥ ئینجە و وەك مۆنیتۆرێکی سینەما دەچێت. مۆنیتۆرەکە بە مۆنیتۆری جۆری Acer Predator Z٣٥ ناسراوە، خێرایی نیشاندانی ٢٠٠ هێرتزە. لەم شاشەیەدا تەکنەلۆژی جۆری Eye protect هەیە کە پێکهاتووە لە چوار تەکنەلۆژی بەهۆیەوە ماندوویەتی چاو کەم دەبێتەوە، کەمکردنەوەی تیشکیە شینەکان، کەمکردنەوەی لەرزینی وێنە و کەمکردنەوەی تیشکدانەوەی دەوروبەر. پایەی شاشەکەش دیزانێکی جوانی هەیە، چونکە چەندین گڵۆپی LED تێدایە و دەتوانێت ڕەنگی گڵۆپەکان بگۆڕی. شاشەکە تایبەتە بە یارییەئەلکترۆنیەیکان و بۆیە دەتوانی شوێنی سێرەکردنی چەکی دیجیتالی لە یارییە ئەکشنەکاندا دیاری بکەی. شاشەی ئاماژە بۆ کراو بڵندگۆیەکی زۆر بەهێزی تێدایە.



# مافووری سیحری لە جیهانی دیجیتاڵدا



مافووری سیحری لە جیهانی دیجیتاڵدا

فەرشی سیحری ئەوەی لە ئەفسانەکاندا باسی لێوە دەکرێ کە مرۆڤ دەتوانێ سواری بێت و بۆ هەر شوێنێك کە مەبەستیەتی بڕوات، یان وەك قالیچەی سلێمان کە بە ماوەیەکی کەم دەگەیاندە شوێنی مەبەست! ئەم فەرشە سیحرییە لە جیهانی دیجیتاڵیدا بۆتە واقیعی و لە بەرگی ئەفسانەدا نەماوە..

«ArcaBOard» ناوی ئەم مافوورە سیحریەیە کە ٣٠ سم لە زەوی بەرز دەبێتەوە، ئەویش بەهۆی ٣٦ پەنکەی زۆر بەهێز کە هێزی بەرامبەر ٢٧٢ ئەسپی هەڵمی دروست دەکەن و دەتوانرێت ١٩٥ کیلۆ هەڵبگرێت. ئەگەر ئەوەی کە سواری دەبێت کێشەکەی کەمتر بێت ئەوە باترییەکانی درەنگتر دادەبەزن. ئامێری ناوبراو تەنیا بیرۆکەیەکە رەنگە لە داهاتوودا بێتە دی چونکە ئەم ئامێرەی ئێستا هەم خێرایی کەمە و هەم زووش باترییەکانی دادەبەزن.. خێراییەکەی تەنیا ٢٠ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدایە، جگەلەوەش کێشی ئامێرەکە قورسە ئەویش ٨٢ کیلۆیە و بە دوو کەس نەبێت هەڵناگیردرێت، بەڵام دوور نییە لە داهاتوودا ئەم ئامێرە بگاتە لوتکەی خۆی.



## دۆست و هاوڕێتان

Musico رۆبۆتێکی هۆشمەندە دەتوانێت ببێتە هاوڕێیەکی نوێتان، ئیدی لەبری گیاندارێك دەتوانی لەگەڵ رۆبۆتێك ببیە دۆست.

رۆبۆتەکە دەتوانێت فێر بێت، خۆی لەگەڵ دەوروبەر بگونجێنێت، لە زۆر ئەرکی ماڵەوە یارمەتیتان بدات. رۆبۆتەکە هەست و سۆزی راستی هەیە و پاش تێپەڕینی ماوەیەك شارەزایی لە خوو و خدە و هەڵسوکەوتی ئێوە دەبێت.



# باشترین تەبلێتی لاپتۆپ و تەبلێتی ساڵی رابردوو

له هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەیەکدا کە گۆڤاری pc world سەبارەت بە ئامێرە دیجیتاڵییەکان کردوویەتی، بەرای ئەم گۆڤارە باشترین لاپتۆپ- تەبلێتی ساڵی رابردوو تەبلێتی HP spectre X۳٦٠ە. ئەم لاپتۆپە هەم تەبلێتە و هەم لاپتۆپ، شاشەکەی لەمسیە و ئەوکات وەك تەبلێتێکی باش سوودی لێوەردەگیردرێت، چونکە کیبۆردەکەی لێدەکرێتەوە. کیبۆردەکەی دیزاینێکی زۆر جوانی هەیە. ئەمە بۆچوونی گۆڤارەکەیە، بەڵام تەبلێت- لاپتۆپی جۆری ۱۳یش لەریزی باشترینەکانیان دێت.

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**بەرێزێک دەپرسێت هەرکاتێک ئەدرەسی سایتێك لە وۆردا دەنووسم، سایتەکە دەبێتە لینك و بە داگرتنی دەکرێتەوە چ بکەم سایتەکان نەبنە لینك؟**

خوێنەری بەرێز ئەگەر بتەوێ تەنیا یەکجار ئەدرەسەکەت نەبێتە لینك ئەوە پاش ئامادەکردنی دوو دوگمەی ctrl+z دابگرە، بەڵام ئەگەر بتەوێ هیچ کات نەبێتە لینك ئەوە لەسەرەتادا بچۆ سەر بەشی fail دواتر Options دوای ئەوە فەرمانی Proofing دابگرە و دواتر فەرمانی AutoCorrect Options دابگرە و دوای ئەوە auto Format as You Type دابگرە و پاشان هێمای راستە لەسەر Internet and Network Paths with Hyperlinks لابدە. دوای ئەوە OK بکە و کێشەت نامێنێ.



## چاویلکەیەک دەتوانێ لە پشت دیوارەوە ببینێ



زۆر جاران وەك دەنگۆ بیستووتانە کە چاویلکە هەیە مرۆڤ بە رووتی نیشان دەدات، ئێستا بەراستی و بەبێ دەنگۆ چاویلکەیەك بەرهەم هاتووە کە مرۆڤ و بوونەوەری زیندوو لە پشت دیوارەوە دەبینێ، گروپێك لە توێژەرانی هۆشی دەستکرد و زانستی کۆمپیوتەر MIT چاویلکەیەکیان دروستکردووە کە بەهۆیەوە دەکرێت لە پشت دیوارەوە بوونەوەری زیندوو ببینی، تەکنەلۆژی بەکارهاتوو لەم چاویلکەیە پێیدەگوترێت FR Capture کە لەسەر بنەمای تیشکی X کار دەکات و بەهۆیەوە بوونی بوونەوەری زیندوو تەنانەت لە مەودای دوورەوەش نیشان دەدات.

## گەسکی کارەبایی هۆشمەند ئەرکی خانمان ئاسانتر دەکات

ئیدی لەمەولا پێویست ناکات خانمان بەسەر هاوسەرەکانیاندا بیکەنە دەنگە دەنگ و هەرا هەرا لەبارەی پاك و خاوێنکردنی ماڵەوە، پیاوانیش بێزار نابن لە دەنگی ئەو گەسکە کارەباییانەی کە بەقەد مولیدەی گەرەك دەنگیان دێت. چونکە گەسکە کارەباییەکەی ئێل جی کە بە hom-bot torbo+ ناسراوە، لە رێگەی مۆبایلەکەتەوە دەتوانی کۆنترۆڵی بکەی، ئەوەندەش هۆشمەندە کە دەزانێت کوێی گەسك داوە و کوێ خاوێن نییە. کامێرای مۆبایلەکەت روو لەو شوێنە کە مەبەستتە ئەویش دەست دەکات بە پاککردنەوە. تایبەتمەندییەکی گرنگی گەسکەکە ئەوەیە کە گەر لە ماڵەوەش نەبی دەتوانی فەرمانی پێبکەی ماڵەکە پاك بکاتەوە، لەوەش مەترسی کە خۆی بە شتێکدا دەدات خۆی سێ کامێرای لەسەرە و خۆ لەو شتانە نادات کە دەکەونە خوارەوە، تایبەتمەندییەکە هەر ئەوەندە نییە بەڵکو کامێراکانی دەبنە کامێرای چاودێری و ئەگەر کەسێك بێتە ماڵەوە وێنەی دەگرێ و بۆ مۆبایلی خاوەنەکەی بەرێ دەکات.

# پرۆگرامێک کۆمپیوتەرەکەت دەکاتە مۆبایل




حەز دەکەی لە کۆمپیوتەرەکەت وەك مۆبایل سوود وەربگری، حەز دەکەی ئەپلکەیشن و یاریەکانی مۆبایل لەسەر کۆمپیوتەر دابەزینی، پرۆگرامی nox app player دەتوانێت سیستەمی ئەندرۆید بگوازێتەوە بۆ سەر کۆمپیوتەر. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە هەموو پرۆگرامە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی مۆبایل وەك لاین، تێلگرام، ڤایبەر، تانگۆ دەگوازرێنەوە بۆ سەر کۆمپیوتەر. چونکە کۆمپیوتەر و مۆبایلەکەتان پێکەوە دەبەسترێنەوە. بە ئاسانی ئەو یاریانەی کە بەهۆی کەمی قەبارەی رامی مۆبایلەکەتەوە ناتوانی سوودیان لێ ببینی لەسەر کۆمپیوتەرەکەت بە ئاسانی دەکرێنەوە.

## سایتێک لە بارەی مێژووی هونەر

سایتی Www.originsnet.org ی‌ەکێك لەو سایتە بەهێزانەیە کە باس لە مێژووی سێ ملیۆن ساڵی هونەر، ئایین، کەلتوور ... دەکات لەم سایتەدا بابەتەکان بەپێی مێژوو پۆلین کراون، دەیان وێنەی گرافیکی تێدایە تایبەتە بە چۆنییەتی هونەری سەردەمەکان.. نەك هونەر کۆمەڵە وتار و بابەتی گرنگی لەبارەی چۆنییەتی تێکەڵاوبوونی هونەر و ئایین دەکات، ئەوانەی زمانی ئینگلیزی باش دەزانن دەتوانن سەر لەو سایتە بدەن.. گالەری وێنەی زۆری تێدایە سەبارەت بە مێژووی هونەرییەکان کە زیاتر خۆی لە هونەری داتاشینی و پەیکەرسازی و شێوەکاریدا دەبینێتەوە..







ـــــر دەکات